## مێژووی کورد و کوردستان

ئەوە ناوی کتێبێکە مامۆستا شوکروڵڵای بابان بە کوردی نووسیویەتی و بە گوێرەی ڕاگەیاندنی خۆی وەک وانە، بۆ خوێندنی قوتابیان بەرهەم هاتوە (ل 9).

نووسەر لە مێژووی کۆنی گەلانی پێش ئاریایی وەک لولوبی و گوتی یەوە دەستی پێکردوە و گەیشتۆتە ماد و پاشان زنجیرەی پادشایی ساسانیان و ئینجا شاهان و حاکمانی دوای هێرشی عەرەب بۆ سەر ئێران. لە بەشی دوای ئیسلامدا نووسەر لە ئەمیرانی ئەییوبی و ڕەوادی و تا لوڕی گەورە و سۆران دواوە و بەم شێوەیە گەیشتۆتە ئەردەڵان و بابان و بەدرخانیان، واتە لە زۆربەی خۆیدا مێژووی دەسەڵاتداری حاکمانە نەک مێژووی خەڵک و کێشە کۆمەڵایەتییەکان.

لە کتێبەکەدا دەست نیشانی چەند خاڵێک کراوە کە بۆ ئەوە دەبن لێرەدا باسیان لێوە بکەین و لە چەند شوێنێکیش دا ئاوڕ لە ناوچەی موکریان دراوەتەوە، کە بابەتی ناو ئەم زنجیرە وتارە دەگرێتەوە :

لاپەڕە 94: نووسەر لە باسی حکوومەتی دەیسەمی ڕەوادی دا دەنووسێت دەیسەم لەگەڵ "لەشکریی کوڕی مەردی" کەوتە شەڕ، لەشکریی تێکشکا و خۆی لە ئەردەویڵەوە گەیاندە "مقان" کە دەڵێ ئەو "مقان"ە هەمان موکریانە *[گەرچی بۆچوونەکە زۆر وێ ناچێت و دوور نییە "مقان" هەمان "موغان" و "دەشتی موغان"ی ئازەربایجان بێت].*
لاپەڕە 224 تا 234: نووسەر مێژووی کۆماری کوردستانی بە ناوی "ڕاپەڕینی قازی محەمەد" دیاری کردوە و بە کورتی هەندێک زانیاری لەسەر ڕاپەڕینەکە، کابینە و وەزیرانی قازی محەمەد ڕاگەیاندوە کە بە گشتی باشن، بەڵام هەڵەشیان تێ کەوتووە.
بۆ نموونە دەڵێت لە سەردەمی کۆمەڵەی ژێکاف دا گۆڤارێک کە دەردەچووکە ناوی"ژێکاف"، لە کاتێکدا دەزانین گۆڤارەکە ناوی "نیشتمان" بوو، نەک "ژێکاف"- دیارە کۆمەڵە شیعرێکیش پێش نیشتمان چاپ کراوە کە ناوی "دیاری کۆمەڵەی ژێکاف بۆ لاوەکانی کورد" بووە.
لە باسی ئاڵای کوردستان لەو سەردەمەدا دەنووسێت ڕەنگی سوور و سەوزی ئاڵاکە، چوار ئەوەندەی ڕەنگە سپیەکە بوو(لاپەڕە 227).

ئینجا ناوی وەزیرەکانی حکوومەتی کوردستان دەبات کە لە ناویاندا "حاجی بابە شێخی جەمیان" و حاجی ڕەحمان ئاغای ئێلخانی زادە و ئیسماعیلی ئێلخانی زادە دەبینرێن (لاپەڕە 227 و 228).
هەروەها لە لاپەڕە 228 دا دەنووسێت وردە وردە دەس کرایە پاک کردنەوەی ناوچەکان لە کاربەدەستان و سەربازی ئێران، وەکوو میاندواو و بۆکان و ناوچەی هەوشار .... و
لە لاپەڕە 229 دا دەنووسێت قازی محەمەد و ڕەزم ئارا[ی فەرماندەی هێزەکانی ئێران] لە گوندی سەرا چاویان بە یەک کەوت.

شوکروڵڵای بابان، "*مێژووی کورد و کوردستان*"، چاپی وەزارەتی رۆشنبیری حکوومەتی هەریمی کوردستان، 2004 کوردستان، 250 لاپەڕە، کوردی.